# شەوی یڵدا راهاتم

شارا بەکر- سلیمانی

Shara977@yahoo.com



ئەم شەو.. شەوێک بوو

خۆشیەکانم  بێ ماڵئاوای تەرەبوون

لە باخی ئیرەمی ناخم...خەم هات و

بارگەی لێخست

فرمێسک بو هاوتەمەنم

لێواولێو لە ناخم دەرژا

چاوەکانت ..وەنەوزەیان نەئەدا

باڵندەکان  لە پانتای ئاسمان شیوەنیان بوو

بۆ دابرانی ساتە خۆشەکانی ژیانی من وتۆ

نەم ئەزانی هەستەکانت هێندە جوانن

شادەماری خوینم جولێنێ

تۆ فریشتەی خەیاڵمی

فریاد رەسی خەمەکانمی

تۆ هەناسەی ژین وژیانمی

تو.....تۆ..........تۆ

مانگە شەوەی

شەوی یلدامی...تۆ.. کازیوەی بەر بەیانمی..

PDF created with pdfFactory trial version www.softwarelabs.com

هاتووم ....هاتووم

کەوتومەتە شاری چاوانت... نە شارەزام

گەریدەم...

لە پێناوعەشقت ڕاهاتووم

جێم کەرەوە

هۆگرت بوم نارۆمەوە نارۆمەوە

واڕاهاتوم... واڕاهاتوم




PDF created with pdfFactory trial version www.softwarelabs.com